# بۆ .. جیڤارا ... م. حەمید عەزیز



ئای. . چ، عەشقێك وای لێ کردی؟
خۆت بۆخاکێ بسوتێنی، ، !
تا بلۆیەك بی لەسەربەستی
سومبولێ بیت لەهەنا سەکانی ئا زادی
ئاوازێك بی لەگەورەیی
سومبولێکیش تا ئەبەدی.
ئای. . چ، عەشقێك وای لێ کردی؟
مەملەکەتی ژان لەبار بەری
شەو نەخەوی بۆ نەتەوە
لەپێناوی بەرچینەیەك بەختەوەری
بێمنەت بووی لەدەسەڵاتی زۆرداران
قۆڵ لەقۆڵی چەك و خەبات!
شەونخونی و زەحمەت کێشان
لەپێناوی شادی وڵات.
ئای. . چ، عەشقێك وای لێ کردی؟
خۆ نەویست بی، ماڵێکیش بی لەعەشقی خاك
عەشقی ئینسان، ئەشقی جوانی، !
هەڵۆیەك بی ئازاو بێ باك.
تۆ ڕەنگەجوانەکانی خۆشەویستیت
تۆ فریشتەی پەیامی هەنا سەقوڵەکانی ئا زادیت
خۆت ئازادیت، خۆت خۆزگەجوانەکانی سەربەستیت
جوانترین خەوی تینویەکی بیابانی،
قیبلەی ڕۆحەئازادەکانی مەملەکەتی غەدری. . !
تۆ شوژنی بۆ دڵەڕەشەکانی دەسەڵات، !
تۆ سومبولی جوانی و ئا زادیت بۆ وڵات!!.